هەرزەکارو ئەرکی دایک و باوک و مامۆستا...

باساکانی گەورە بوونو گەشەکردنی ئادەمیزاد لەو کاتەی کە ئیمبریۆیە واتە (Embryo) (جنین) ە تاکو دەبێتو پیر دەبێ هەمروی وەکو زنجیرەیەکی پێک بەستراونو بە کۆمەلێك قۆناغ دا ئەروات کە هەریەك لەمانە نیشانەو روخساری تایبەتی خۆی هەیە لەگەل ئەودای ، ئەمە لەلایەك وە لەلایەکی کەوە هەرقۆناغە شوێنەواری خۆی بە چاكو بەخراپ بەپێی چۆنیەتی پەروەردەکردنی منالەکە بەجێ دەهێلێ .

لێرەدا من تەنها قۆناغی هەرزەکاری وەردەگرم و بەکورتیو خەستی لێی دەدوێم چوونکی لێدوان لە هەموو قوناغەکان کتێبێکی گەورەی دەوێتو لەم بوارەدا ئەمە ناکرێت . ئومێد دەکەم بایەخو گرنگیو ناسکی ئەم پلەیە بەشێوەکی ئەوتۆ بخەمە پێش چاوی هەموو خوێنەرانی خۆشەویستی کوردەزمان وە هەریەکە بەپێی شوێنی خۆی سوودی لێ وەربگرێ بەتایبەتی ئەوانەی لێپرسراوی هەرزەکارانن لەبەر ئەوەی ئەم پلەیەی ژیان تا رادەیەك دوارۆژی ئەندامەکە لەناو کۆمەل دیاری دەکات .

نەزانین رەفتارکردن لەگەلیان بووەتە هۆی گەلێ گیروگرفت لەرێگای ئەم بێتاوانەو کۆسپی بۆ دروست کردوە چەندان لە قوتابخانەکانیان دوور کەوتونەوەو لە دایكو باوکیان زوێر بوونو مالیان لی کراوە بە دۆزەخ لەئەنجاما تووشی گێژاوی کووچەو کۆلانان بوون . جا لێرەدا پرسیارێك خۆی هەلدەداو ئەلێ : ئایە ئەگەر سەرەنجامی هەرزەکار لە مالەوەو لە قوتابخانە وابێت دەبێ لە کووچەو کۆلان باشتر بێت ؟!
بێگومان نەء ئەوەشمان لەبیر نەچێت لە کومەلگای سێیەم واتە کووچە هەندێ دەستەی بەدخوو و زیرەك هەن بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان لە کەمیندان بۆ قۆزینەوەی ئەم هەرزەکارانەو بە ئارەزووی خۆیان مەرامی ئالاوی‌یان دەهێننە دی کاتێك بە ئاگا دێنەوە کە کار لەکار ترازاوە ...

جا بۆنەوەی بتوانین زۆر بەووردیو ژیرانە رەفتار لەگەل لاوی ئەم قۆناغە بکەینو دووریان بخەینەوە لە دووچاری رێزپەری واتە (الشذوذ) وە دوارۆژێکی باشیان بۆ مسۆگەر بکەین دەبێ لەپێشەوە بزانین کە لەم پلەیەدا گورانێکی بە خێرای‌یان بەسەرا دێت بەلام لەکچا ئەم گۆرانە زووتر دەبێت وەك لە کوردا ئەم گۆرانانەش لەلایەن هەردو لایانا دەبنە مایەی بێ ئارامی‌یان و بزرکردنی هاوسەنگیان تارادەیەك گۆرینە ـ کانیش لە رووی فسیۆلوجی‌یەوەو لەش‌یەوە دەبێت ، خۆ ئەگەر ئەم گۆرینەیان بۆ شێ نەکینەوەو تێ‌یان نەگەیەندرێ وە رەفتاری ئەرێنیان لەگەل بکەین ئەوا لەئەنجاما دەبنە قوربانی بۆ نەخۆشیە سایکولۆژی یەکان واتە نەفسی . هەرزەکار رێنگو روخساری ئەگۆرێ لەناوەوەو دەرەوەی لەش . گۆرانی خێرای بەسەر دادێو هەندێ لە رژێنەکانیان (الغدد) ئاوەکانیان دەرێژنو دەبنە هۆی لادان لە ئاسێ گەورەبوون بەشێوەکی سروشتی بۆ وێنە رێژەی گەورەبونی دل زیاترە لە رێژەی گەورەبوونی بۆری‌یەکانی خوێن ئەمە دەبێتە هۆی زۆر بوونی پەستانی خوێن ، هەندێ جار رشەی هەنجنینو مزینی خواردەمەنی (جهاز الهضم) کارەکان نارێك دەبن لەبەر بێ ئارامی هەرزەکار ئەم نارێکیە دەبێتە هۆی پەیدابوونی زیپکە لەسەر روومەتەکان و ناوچەوانی هەرزەکار لە ئەنجامی ئەم گۆرنیانەش تووشی کەم خواردن دەبیو ئاگای لە وانەکانی قوتابخانەی نامێنیو بەزووترین شت هەلدەچێو هەستەوەر واتە (حساس) دەبێت وای لێدێت هاوسەنگی خۆی بزر

دەکات وە لەهەمان کات لەخۆشی رانابینێت ئەم گۆڕینانەی بەسەری هاتووە بۆ کەسی باس بکات بۆیە هەوڵ دەدات پەنابیاتە بەر ئەم رەفتارانەی خوارەوە بۆ بەرگری کردن لە بێهاوسەنگی خوی و هەر لایەنێکی لەم ڕەفتارانەی کەبی گری بەتووندیو زیێدە لە پیویست جێبەجێیان دەکات ئەگەر راوێژکەری نەبێت ئەنجامەکەی باش نابێت .

١ ـ دوورە پەرێزیو گۆشەگیری
لەبەر ئەوەی هەرزەکار رەنگو روخساری گۆڕاوەو گۆڕاوی ناوەوەشی لێ بەدەرکەوتوە هەردەم هەوڵ دەدا دوور کەوێتەوە لەناو دۆستو برادەرو کەسو کاری .

٢ ـ نەسەلماندن و لاساری :
بۆ گەڕانەوەی بڕوا بەخۆ کردنو هاوسەنگی خۆی هەردەم ئارەزووی لە مجادەلە دەبێتو ناسەلمێنیو وە لە وەڵام وانەوەوی ئیش‌کردنا لاسار دەبێتو هەردەم گرژ دەبێتو دەچێتەوە باریەك .

٣ـ لاساکردنەوەی مامۆستاکانیو هەر لێپرسراوێکی هەیەتی :
بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەم بێ ئارامیەی و دابین نەبوونەی .

٤ ـ گرتنی لایەنی ئاینی :
زۆر لە هەرزەکاران دەست ئەکەن بە نوێژکردنو خوێندنەوەی کتێبی ئاینی ئەم لایەنە باشە ئەگەر چاك ئاراستە بکرێ دەنا ئەنجامەکەی بەپێچەوانە ئەبێت .

٥ ـ شۆڕش‌نانەوە ، یان‌سەر ـ کردایەتی کردنی کۆمەڵ چاك کردنی جیهانی بەهێوای تۆلە سەندنەوە چونکی دەبینێ لە هیچ لایەك ڕەفتاری چاکی لەگەڵا ناکرێت بۆیە زۆر لە پارتەکان یان کۆمەڵەکان هەولی ڕاکێشانی لاوی ئەم قوناغە دەدەنو ئامانجەکانی خۆیانیان پێ دەهێننە دی . لەگەڵ ڕەوشتو ڕەفتاری کە وەك خەونی ئاگایی و پەلپ گرن لەگەلێك شتا .

ئەمەیە لاوی هەرزەکار جا لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕەفتارو ڕەوشتانەی دەبێ هەموولایەك هەوڵ بدەن خۆیان شۆڕکەنەوە بۆ ئاستی ئەم هەرزەکارە بێتاوانە وە پلانو ڕێگای دروست دانیێن بۆ گوستنەوەیان لەم قۆناغە سامناکە تە قۆناغێکی کورتە بەڵام شوێنەواری کاری گەرە ، بەلای منەوە دایكو باوك یان براو خوشکە گەورەکان هەوڵدەن ببنە هاوڕێیانو شەرمیان لێك بشکێ ئەم گۆڤارو وێنانەی هەرزەکار بەکاری‌یان دێنێ لەگەڵیان بخوێننەوەو تەماشای بکەن نەك لێیان قەدەغەیکەن ، سینگیان فراوان بێت بەرامبەریان ئەرکیان گران نەکەن هەرزەکار هەستیارە نەکەن ووشەیان لەزرابێتە دەر هەستیان بریندار کەن ، هەندێ ڕەفتاری نالەبار دەکا هەرچەندە دەیانبێنی وایشان وا ئەی دیوە لەلایەکی ترەوە بدوێ ، گەر لە قوتابخانە سەرنەکەوت نەی‌شکێننە وەو سەرکۆتەی نەکات داخوازیەکانی بەپێی توانا بۆ جێبەجێ بکاتو هەوڵدات نەتوقەت ڕاستەوخۆ نەرمانەکانی ڕەت نەکاتەوە تا لە توانایدا هەیە لایەنی هاندانو لەسەرخۆیی لەگەڵ پەیڕەو بکرێت .

بێگومان لە قوتابخانە بابەت ئەم پلەیە زۆر دەدرێ و گرنگی پێدراوە مامۆستای شارەزا لە توانای دایە هەموو سەرنجی لاوەکان بۆخۆی ڕاکێشێو بە چاکی ئاراستەیان بکات بەڵام ئەگەر هاتو ئەرکی گران کردو لە تاقی‌کردنەوە خستی ئەوە دووچاری تەنگوچەلەمە دەبێت لەبەر ئەوەی قوتابی ئەم قۆناغە ماندودر لە هەموو کارەکانیدا خاوە جا چ لە رووی ئامادەکردنی وانەکانی ئەگەر لەوانەیەك ٢٠ نمری وەرگرت لە سەدا ، مامۆستا بۆی بکاتە (٥٠)و تێی بگەێنیو بەچەند ووشەیەکی شیرین و جوان وە بە شێوەکی گشتی لەم قوناغە بدوێ ئەوە قوتابیەکە زۆر دلی خۆش دەبێو دەبێتە هاندەرێك بۆیان چونکی قوتابی ووشەی مامۆستا کەی بەهەند هەڵدەگرێو ماوەیەك پێوەی خەریك دەبێ جا بە ئاگا لێك بوونی ماڵەوە لەگەڵ قوتابخانە لە لاوی هەرزەکار بەهەردوو لایان زاڵ ئەبن بەسەر بەدخووەکانی کووچەکانو هەرزەکار رزکاریان ئەبێت لە چەنگیانو رێبە ڕاستەکەی خۆی ئەگرێتە بەر . خۆ ئەگەر ماڵەودو قوتابخانە ئاگایان لێك نەبێو هەریەکە بەلایەکا بڕۆنو ڕاستی ئەم قۆناغە بە دروستی هەڵنەسەنگێندرێت مامۆستا نمرەی هێوا بڕی بداتێو لە هەردوو لاوە پشتی تێبکرێو چارەسەر خۆی بێکا دەبێ دەست لەم بێتاوانە بشۆینو دوا ڕۆژی ئەم ئەلەندەرە حۆتان دیاری نکەین . ـ

سەرچاوەکان

سرود لە ووتارەکەی دکتور جواد الحسینی وەربگراوە .